Tekoshan No.206

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانیی ئەنتەرنێت

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com
کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com
Emai: tekoshan20002003@yahoo.com
http://www.khabatmedia.com
Email:Sazmanikhabat@hotmail.com
sazmanikhabat@yahoo.co.nz
Email: dangikhabat2003@yahoo.com
نوینەری سلێمانی: ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤ ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩
ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ کۆرك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨
دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩ ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ pewandi_hawler@yahoo.com

24th Year Nomber ((206)) 3of Sermawez 2708 Kurdish Colemdar falling no 1387 Hijri I Falling 23th November 2008

کوژرانی ١٣ هەزار کەس لە رووداوی هاتووچۆدا

بە پێی هەواڵی رۆژنامەی حکومەتی ی "جمهوری ئیسلامی" لە زمان سەرۆکی پۆلیسی هاتووچۆوە لە کوژرانی زیاتر لە ١٣ هەزار کەس بە هۆی رووداوی هاتووچۆوە لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ساڵ هەواڵی دا.

بە پێی نووسراوەی ئەو رۆژنامەیە، محەمەد رویانیان گوتوویەتی: لە لێکۆڵینەوە لە تەسادوفەکانی ٦ مانگی یەکەمی ساڵ ژمارەی ١٣ هەزار کەس لە وەڵاتدا بە هۆی رووداوی هاتووچۆوە گیان بدەن.

ئەو رۆژنامەیە زیادی کردوە کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونیسیف لەو بارەوە، نووسیویەتی: ئێران بە ڕێژەی سالانە ٢٨ هەزار کوژراو، یەکێك لەو وەڵاتانەیە کە بەرزترین ئاماری مردن بە هۆی رووداوی هاتووچۆ لە جیهاندایە، و لە هەر ١٩ دەقیقەدا بەو هۆیەوە ١ کەس دەکوژرێ.

هەنجیر دەبێتە هۆی چاکبوونەوەی نەخۆشی مەعیدە

ئاکامی لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە: هەنجیر میوەیێکی بەهێز و شیرینە، کە دەبێتە هۆی لە بەین چوونی بۆنی ناخۆشی دەم و زار.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە داری هەنجیر لە ساڵی چوارەمەوە بەردەگرێ و تا بیست ساڵ بەرگرتن بەردەوام دەبێ.

لە هەنجیردا، پتاسیۆم، کە سڵامەتی منداڵانی بێ هێز، کەم خوێن، کەم ئیشتیا دابین دەکا و دەبێتە هۆی بەرز ڕاگرتنی قورسای لەش.

هەنجیر دژی سەرەتانە و هەروەها ئەگەر لەگەڵ هەنگوین تێکەڵ بکرێ لە دەرمان کردنی برینی مەعیدە زۆر بەکەڵکە.

***

ووتەی بە نرخ

١ـ هەموو مەزنی و گەورەیی مرۆڤ لە بیرکردنەوە دایە. (بلز پاسکال)

٢ـ بۆ ژیان بیر بکەنەوە بەڵام خەفەتی بۆ مەخۆن. (دیل کارنگی)

٣ـ پاراوترین زمان، کردەوەیە. (شکسپیر)

٤ـ هەر مرۆڤێك بەرهەمی بیرکردنەوەکانی ڕۆژانەی خۆیەتی. (امرسون)

٥ـ گەورەیی ژیان لە زانست دا نیە، بەڵکو لە کردەوە دایە. (توماس هنری ماکسلی)

تەرمی پاشایێکی سێ هەزار ساڵە لە سنە دۆزرایەوە

ئاسۆسالح سێ شەمە ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ـ ١٨ی نوامبری ٢٠٠٨، لە کاتی چاك کردنی ڕێگای سنە ـ حەسەن ئاوا، پێنج گۆڕی میژوویی دۆزرایەوە.

بەرپرسانی ڕێکخراوی میراتی فەرهەنگی و گەڕانی ئوستانی کوردستان، بە پێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، تەمەنی ئەو گۆڕانەیان گێرایەوە بۆ ٣ هەزار ساڵ . لەو گۆڕستانەدا کە مردوەکان بە دانیشتنەوە نێژراون، و هەروەها کەل و پەلی شەڕ و دەسبەن و قاپی گڵی دۆزراوەتەوە.

ئەو کەسانەی کە لە چەند سەعاتی سەرەتای دۆزینەوەی ئەو گۆڕانە توانیویانە بیانبینن، گووتوویانە: یەکێك لەو گۆڕانە تایبەت بە پاشایێك بووە، ئەو تەرمە بە ساخی لە تابوتێکدایە کە بەشی دەرەوەی بە قورقوشم و بەشی ناوەوەی لە زێڕ گیراوە. درێژایی تابوتەکە بە قەد تەرمەکە دەبێ. لە پەنای سەری تەرمەکەدا یەك یا دوو سندووق هەن کە زێڕیان تێدایە، لە پەنای تەرمەکەدا نێزەیێك و لە سەر سینەی و ناوەندی تەرمەکە دوو شت هەیە، یەکیان وەك ماسی و ئەوی دیی وەك هەڵۆ وایە. لە سەر ئەو دوو شکلە بە خەتی میخی نووسراوە، هەروەها لە پشتە سەری تەرمەکە و دیواری تابوتەکە هێندێ شکڵ کێشراوە.

خاڵێك کە شایانی سەرنجە ئەوەیە کە لەشی تەرمەکە ساخە، ئەو تەرمە بە شێوەی تەرمە مۆمیایی کراوەکان لە پارچەش نەگیراوە و بەو جۆرەش تەواوی لەشی ساخ ماوەتەوە.

وێنەی چوار تەرمەکەی دیکە لە لایەن تلویزیۆنی ناوچەیی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە بەڵام وێنەی پاشاکە تا ئێستا نە لە تەلەویزیۆنی ڕژیم و نە لە شەبەکە کوردستانەوە بڵاو نەکراوەتەوە.

بە پێی ووتەی خەڵکی ناوچەکە بەرپرسانی ڕژیم بەردەوام خەریکی دزینی ئاساری میژوویی کوردستان بوون و ئەو نیگەرانیە هەیە کە ئەو تەرمەش وەك ئاسارەکانی دیکە بدزرێ.

ئەو گۆڕستانەی کە دۆزراوەتەوە لە ٥٠٠ میتری کێوی میژوویی زاگرۆس دایە کە وەك ئاساری نەتەوەیی نووسراوە.

کاکائو ڕێگە لە پەرەگرتنی خانە سەرەتانیەکان دەگرێ

لێکۆڵینەوە نوێکان دەریان خستوە نەوعێك پێك هاتە لە دەنکەکانی کاکاو دەبێتە هۆی ڕاگرتن و ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی تۆمۆرە سەرەتانیەکان لە مرۆڤدا و لەهەمانکاتدا تیاچوونی ئەو تۆمۆرانەش خێراتر دەکا.

لێکۆڵینەوەکان دەری دەخا کە مادەیێکی شیمیایی کە لە کاکاودا هەیە، دەبێ ڕادەی کەڵکەکەی لە ڕێگەگرتن لە بەرەو پێش چوونی سەرەتان بخرێتە بەرلێکۆڵینەوەی زیاتر.

زاناکانی ناوەندی پزیشکی زانستگای جۆرج تاون، لە ئەمریکا کە ئەو لیکۆڵینەوانەیان ئەنجام داوە، ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە هەموو دەزان (شوکولات) قازانجی هەیە هەر بۆیە لێکۆڵینەوەی ئەم دواییانەش دەری دەخا کە ئەو کرایگەریەی کە لە قازانجی کاکاودا باس کراون راستن.

***

چەند قسەییێك لە سەر بابەتی لادان لە مۆدێرنیتەی مادیح ئەحمەدی

عەلی بەهرامی

کاك مادیح ئەحمەدی لە بابەتی لادان لە مۆدێرنیتە کە لە ژمارە ٢٤ـ٢٣ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە، باسی لە هێزە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە، نووسەر پێشەکیی بابەتەکەی باش دارشتوە بەڵام لە باس کردن لە سەر هێزە سیاسیەکان بە بەتایبەت سازمانی خەبات بە هەڵەدا چووە کە من لێرەدا بە ئەرکی خۆمم زانی ئەو هەڵانەی لە باسی سازمانی خەباتدا کردویەتی بخەمە بەرچاو.

لە باسەکەی لە پێوەند بە سازمانی خەبات هەر ئەوندەی راستە کە دەڵێ ئەم سازمانە (سازمانی خەبات) لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران پێك هاتوە، هەر لە دوای ئەوە نووسیویەتی کە بڕوای بە حکومەتێکی ئیسلامی هەیە!!!

من بە کاك مادیح و تێکڕای خوێنەرانی گۆڤاری ناوبراو دەڵێم کە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە مەبەستی دامەزرانی حکومەتی ئیسلامی نیە و وەك لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی سازماندا هاتووە، باوەڕی بە حکومەتێکی دیموکراتیك هەیە کە تێ یدا مافی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەب و تاکێك پارێزراو بێ. سازمانی خەبات بۆ ڕێز نان لە باوەڕی تێکڕایی خەڵکی کوردستان پێی وایە کە دەبێ بۆ دارشتنی قانوونی داهاتوو کەڵك لە دینی پیرۆزی ئیسلام وەر بگیرێ، وەك ئەوەی کەڵك وەردەگیرێ لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و تێکڕای بۆچوونەکانی دیکە.

ئەو بەرێزە نووسیویەتی: تا دوو ساڵ لەوە پێش ناوی ڕێکخراوی خەباتی ئیسلامی کوردستانی ئێران بوو، کاکی نووسەر بە داخەوە زەحمەتی بە بۆی نەداوە بەڵگە و نووسراوەکانی ٣ ساڵ لەوە پێش چاو لێ بکا یا خۆد پەیرەو و پرۆگرامەکەی کونگرەی ٢ی سازمانی خەبات وەخوێنێ یان پرسیار لە شارەزایان بکا تا ئەو هەموو هەڵەی تەحویل بە خوێنەرانی تیشك نەدایە. ئەوەی کە نەیتوانیوە ناوی دروستی سازمان کە نزیك بە ٣٠ ساڵە هاوشانی حیزبەکەی ئەو بۆ هاتنە دیی ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکا، هەڵەییێکی گەورەی دیکەی کاك مادیحە و لە سەری دەکەوێ. هیچ کات سازمانی خەبات ناوی سازمانی خەباتی ئیسلامی نەبووە بەڵکوو لە پێش کونگرەی سێهەم ناوی (سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران) بووە و ئەو دوو ناوە ئەگەر سەرنجی بدرێتێ هەست دەکرێ جیاوازیان هەیە.

نووسەری بەڕێز دەڵێ: سازمانی خەبات بە هۆی ئەو نەتەوە و کاری تیرۆریستانەوە ووشەی ئیسلامی لە ناوی خۆی سڕیوەتەوە!!!

لە پێوەند بەو هەڵەیەی نووسەردا دەڵێم لە کونگرەدا ئالوگۆر لە ناو و ئارم و دروشمی سازمانی خەبات دا مافی ئەندامانی کونگرەیە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێ و بۆی نیە دەست کاری ناو یا ئامانجی سازمانی خەبات بکا. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە کونگرەی سێهەمی خۆی دا کە لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٨٤دا بەڕێوەچوو بە پێی دەنگی زۆرینە (ئیسلامی) لابرد ئەویش نەك لە بەر کردەوەی تاقم و گروپە تیرۆریستیەکان، چوونکە سازمانی خەبات و کار و تێکۆشانی لەگەڵ تاقم و تیرۆریستەکان جیاوازی بووە، سازمانی خەبات خەباتێکی نەتەوەیی کردوە و دەیکا و لە پێش کونگرەی سێهەمیش خەباتی نەتەوەیی دەکرد لە سەر بیری ئیسلامی پێشکەوتوو. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە کونگرەی سێهەمی خۆیدا خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی وەك خەت و ڕێباز هەڵبژارد و ڕێزی بۆ باوەر و بۆچوونەکانی دیکەش سەلماندوە.

یەکێك لە هەڵە هەرە زەقەکانی دیکەی نووسەر ئەوەیە کە نووسیویەتی لە دوای لابردنی ووشەی ئیسلام لە کونگرەی ئەم ڕێکخراوەدا، کێشە ساز بوو و دوو دەستەیی لێ کەوتەوە!!!

ئەو زانیاریەشی بە تەواوی هەڵەیە چوونکە لە سازمانی خەبات دا جەوێکی دیموکراتیك حاکمە و دژایەتی هیچ باوەر و دینێك نەکراوە تا باوەرداران دەستە و دەستە بەندی بکەن، بگرە لە چوارچێوەی تەشکیلاتی سازمان تەنیا شتێك کە مەبەستە دڵسۆزیە بۆ نەتەوەی کورد و تەبایی و یەکگرتوویی جێگیرە، سازمانی خەبات دوور بووە لە هەر جۆرە دەستە و دەستە بەندییێك و ملاك لە سازمان دا هەوڵ تێکۆشان و دڵسۆزیە بۆ ڕێگای شەهیدان و هیچی دیکە.

***